

# ئەو پیاوەی لەژێر زەویدا دەژی، خۆی بەپاشا ناگۆڕێتەوە

" ئەو کچەی لە گەنجیدا خۆشم ویستووە حەوت شوی تر بکات لە دڵم دەرناچێت "

● لە دەشتی شارەزوور و لەو شوێنەدا کە گوندەکانی (گردە نازێ و عەلیاوا و ڕیشێن و مەلا وەیسە) چواردەوریان داوە پیاوێك بە تەنها و لەناو ژورێکی بچوکی قوڕیندا هاوڕێ لەگەڵ مریشك و قەل و قاز و هەنگەکانیدا ژیان بەسەر دەبات، لالە محەمەد پێنج بەهارە ژن وماڵ و خێزانەکەی جێهێشتووە و لەم دەشتە چۆڵەدا ژیان بەسەر دەبات، ئەو ناوی (محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد)ە و لە بنەچەدا بیارەییە و ساڵی (1955) لە دایك بووە و تەمەنی پازدە ساڵان بووە کە هاتونەتە گوندی عەلیاوای شارەزوور، بیست و دوو ساڵ خزمەتی هەیە لە دائیرەی کشتوکاڵ و ئێستا حەوسەد دیناری سویسری خانە نشینانە وەردەگرێت. لالە حەمە دەڵێت"ماڵ و خێزانم هەیە لە هەڵەبجەی تازە بەڵام بەخوا دڵم بەشار ناکرێتەوە، شار لە سجن دەچێت و دەر خۆشە هەرچەندە ژن و منداڵەکانم پێیان ناخۆشە بەڵام من ئێرە بە بەهەشت دەزانم، ئەمە زەوی خۆمە ووشکەدان دەکەم و سەوزە و میوە بەرهەم



دێنم و قەل و قاز و مریشك و هەنگیش بەخێو دەکەم" ئەم پیاوە گوزەرانی لە ناو ئەو ژوورە قوڕین و ژێر زەمینەدا و لەگەڵ قاز و قەل و مریشکەکانیدا گەلەك پێ خۆشترە لە ژیانی دەستەلاٌتداران و خاوەن کۆشك و باڵە خانەکان و دەڵێت"ئەو ژوورە بچووکەی کە لە قوڕ دروستم کردووە ناگۆڕمەوە بە قەسرەکەی نوری حەمە عەلی و مەسئولەکان و بە هەموو شاری سلێمانی، دڵم زۆر خۆشە و زۆر مورتاحم، ئاوات بۆ پارە و سەیارە و قەسر و قەمەرە ناخوازم مادام لەشم ساغە خۆم بە پاشا ناگۆڕمەوە".

ئەو هەرچەندە دوور لە ئاوەدانی و بە تەنیا و لەو دەشتە چۆڵەدا دەژی، بەلاٌم لە رێگەی رادیۆکەیەوە تەواو ئاگاداری دەنگ و باسی دونیا و کوردستانە و دەڵێت"دوو شت وەکو نوێژ و رۆژو بۆ پیاو فەرزن (رادیۆ و سەعات) بەلای منەوە ئەمانە وەکو نان و ئاو پێویستن"

لالە حەمە بەشداری پرۆسەی دەنگدانی کردووە و هەڕەشەش دەکات گەر پێداویستییەکانی هاولاٌتیان جێبەجێ نەکەن و بەڵێنەکانیان نەبەنەسەر ئەوا جارێکی تر عاقڵ دەبین و ناچینە دەنگدان ئەو دەڵێت"ئێمەی جوتیار هیچمان بۆ نەکراوە، راست خۆشە من چەند نەفەرێکم لەگەڵدابوایە موزاهەرەم دەکرد، رەنگە ئەمساڵیشم دەنگ نەکەم، بەلاٌم ساڵێکی تر نارەزایی خۆم دەردەبڕم بەرامبەر بە حکومەت، چونکە هیچی بۆ فەلاح نەکردووە" سەبارەت بە جیاوازی نێوان گەنجان لە کۆن و ئێستادا لالە حەمە پێی وایە کە گەنجان ئێستا بە کوڕ و کچەوە عومریان بە خەسار دەچێت و لەناو قەفەزدان و دەڵێت"پێویستە کوڕ لە تەمەنی چواردە ساڵیدا ژن بهێنێت، پێویستە حکومەت یارمەتی گەنجان بدات بۆ ژن هێنان، ئەی حکومەتمان بۆ چییە؟" ئەو باس لە ژیانی لاوی خۆی دەکات و دەڵێت"من هەمیشە لە سەیران و گەڕان و کەیف و سەفادا بووم، زۆریش عاشق بووم رۆژێك خۆشەویستەکەم نەدیایە دنیام بەسەردا دەڕووخا هەر کە چاویشم پێدەکەوت لە دووری چەند کیلۆمەترێکەوە بوایە دڵم دەگەشایەوە و ماڵ و پارە و سامانم لەبیر نەدەما ئەویش منی زۆر خۆش دەویست، بەلاٌم قەدەر رێگەی نەدا بۆ یەك بین، ئێستا ئەو شوی کردووە و ماڵ و منداڵی هەیە، حەوت شوی تر بکات لە دڵم دەرناچێت"

جێگەی سەرنج بوو کە لالە حەمە لەش و لارێکی رێك و تەواو گورج و گۆڵی هەبوو، لەم بارەیەوە وتی" هەرگیز هەست بە سەرما و گەرما ناکەم و ئیمانیشم بە دکتۆر نییە و تا هەنگوین و هێلکە و رۆنی خۆمانە وەستابێت پێویستم بە حەب و دەرمان نییە و نابێت و لە ژیانمدا چەند دەنکە حەبێکم نەخواردووە و دەرزیم لەخۆم نەداوە"

لالە حەمە ئاماژە بەوەش دەکات کەوا دکتۆر بەرهەم دەناسێت و عەلاقەی لەگەڵ دایکی و براکانی و خاڵی هەیە و دەیەوێت لە کاتێکدا سەردانی بکات، دواتر دەڵێت"کاکە حەمەی حاجی مەحمود هاو زاوامە و تا ئێستاش داوای هیچم لێنەکردووە ئەو تەنها ئەوەی لەمن زیاترە کە حیزبیە" ماوەتەوە کە بڵێین لالە حەمە عاشقی هۆنراوەکانی مەولەوییە و حەزی لە دەنگی حەسەن زیرەك و ناسرڕەزازی و کامەران عومەر و ئیبراهیم تاتڵەس و هۆرەی جافیە و شمشاڵیش سوکنایی بەرۆحی دەدات.

راپۆرتی - سالار مەحمود

وێنە : لڤین